خەسرەو سایە: هاوری ئەمجەد غەفوور بەدوای دەنگدان بەدەستوور مەسەلەی کورد چون دەبینن؟ ئایا ئەم هەنگاوە کوتایی بەو بناغانە ناهینی کە ستەمی نەتەوایەتی کورد و کیشەی کوردی لەسەر دامەزراوە؟ بەتایبەتی بەپیی تەبلیغاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد ئەم دەستوورە کوردستان فیدرال دەکا و مافی پلە یەکی نەتەوەی کوردیشی سەلماندووە؟

ئەمجەد غەفوور: ئەگەر بە گشتی سەرنجی نارەزایەتی خەلگیو ئەو ووتارو نوسراوانە بدەین کە بە دژی تەرحی رەشنوسی دەستوورو پرۆسەی دەنگدان بەدەستوور بەر پابون، دەنگی "نا" بە دەستوور لە ئاستیکی فراوانو بەرجەسەتدا بە جۆریکی وەها خۆی نیشاندا، هەنگاوێ لە شکستو پاشەکشەی بە رێکخەرانو داریژەرانی ئەو دەستوورەو ویل بو بەدوای "بەڵێ"دا نیشاندا، ئەم نارەزایەتیە سادەو لە خۆوە نەبوو، بەرپەرچدانەوەو دژایەتی سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی ناسیونالستو ئیسلامی سیاسی بوو کە دەوری بنەرەتیان بووە لە دارشتنی ئەو رەشنوسەدا.

ئەو رەشنوسە تەعبیرە لە گرفتو ناکۆکیو ریکەوتنی ئەو هیزو لایەنە کۆنەپەرستانەی لە مەیدانی کیشمەکیشی سیاسی وەزعی ئیستا عیراقدا خزمەت بە نەخشەو سیاسەتو بەرژەوندیەکانی دەولەتی ئەمریکا دەکەن،تائەوەی بە دوای دامەزراندنەوەی حکومەتی عیراقو جیگیری سیاسیو وەلام بە کیشە سیاسیەکانەوە بن، ئەم هیزو لایەنانە بە هاوپشتی دەولەتی ئەمریکا دەوریکی ئەسلیان بینیوەو دەبینن لە ویران بونو نا ئارامیو تیکدانی جگیری سیاسیدا، ئەوانە هیزی میلشیاو خاوەن بەرژەوەندی تایبەتن، بازرگانانی جەنگن، ئەو رەشنوسە سەندێکی ریکەوتن نامەیی بازرگانی ناو جەرگەی شەرێکە، کە ئەو هیزانە لە بەرامبەر ویران بونی عیراقو دابەشکردنی قازانج لە تالانیو دزیدا دایان رشتووەو نوسیویانەتەوە، کە تا ئیستاش ریکەوتنی نیوان خۆشیان مسۆگەر نییە نازانرێ چونە.

ئەزمونی دووسال زیاتری دوای هەلوشاندنەوەی حکومتی بەعسو ویران بونی عیراق، سیناریۆکانی مەجلسی حوکمو هەلبژاردنەکان، توانی چ تروسکاییو ئاسۆیەك ببەخشێ لە سایەی دەسەلاتی هیزە میلشیاکانی عروبەو کوردایەتیو دەستەو تاقمی ئیسلامی سیاسیدا، تا ئومید بە ئارامیو سەلامەتی بۆیەك سات راحەتی بخاتە زهنی خەلکیەوە، یا هەر دلە راوکێو کارەساتو مەینەتی هەرای بە خەلکی ناوەتەوە، لە هەمان کاتدا هەرەشەیەکی گەورەش بووە بۆ ویران بونی کوردستان

تەرحو پیداگری لەسەر جیابونەوەی کوردستان بۆ وەلام بە ستەمی نەتەوایەتی لە مرۆدا، لە بەرامبەر وەزعی سەرگەردانی سیاسی ئیستای عیراقدایە، کە پر ئاژاوەیەو لە شەری قەومیو تائیفیدایە، بالادەستی ئیسلامی سیاسیو هیزە تیرۆرستەکانە، نادیاری ئایندەو چارەنوسی عیراقە وەك وولاتو دەولەت، نائارامی وەزعی سیاسیو لیکترازانی شیرازەی کۆمەلایەتیو بنەمای ئابوریە، کەپیداویستی جیابونەوەی کوردستان دەخاتە پیش هەر ریکەوتنو دەستووریکەوە، رەشنوسی دەستوور نە توانیەتی وە نە ئەتوانی بۆ یەك سات وەلام بە کیشەو گرفتەکانی وەزعی سیاسی ئیستای عیراق بداتەوە، هیچ کات کیشەی عیراق ئەوە نەبووە دەستووری هەیە یان نا، لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا کیشەی زالبونی ناسیۆنالستی عەرەبیو نەبونی ئازادی سیاسیو سەپاندنی ئیستبدادی سیاسیو دەسەلاتی دکتاتۆرو بەزۆر سەپێنراوی حکومەتی بەعسی بووە، جا دەستوورەکەی دائم یا کاتی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆردریت، ئیستاش کیشەی وەزعی سیاسی عیراق رەشنوسی دەستوور و راپرسی بۆ دەستوورو ریکەوتن لەسەر دەستوور نییە، ئایا ئەتوانریت بەم وەزعی ئاژاوەو سەرگەردانیو ویرانکاریەوە دەستور بکریتە بنەمایەك بۆ جگیری سیاسی، یان تەواو بە پیچەوانەوەیە، لە کاتیکدا هیچ یەك لەو هیزانەی کە ئەمرۆ پەیوەست بە بەرژەوندیەکانی دەولەتی ئەمریکاوە هەلسورانی سیاسی دەکەنو هیزی میلشیایان خستۆتە گەر، نەك نەخشەیکیان نیە بۆ جگیری سیاسی بەلکو بۆ خۆیان بەشیکی سەرەکین لە خولقاندنی ئەم وەزعیەتەدا، هەر بۆیە ئەو رەشنوسە بە جیا لەوەی سەندیکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیە، زالبونی ئیسلامو عروبەیە، پروپاکەندەو راپرسی بۆی دریژەی هەمان سیناریۆی گالتەجاری مەجلسی حوکمو هەلبژاردنەکانە، بۆیە هیچ وەلامو چارەسەریکی لە بەرژەوەندنی خەلکی کوردستان تیا ناخویندریتەوەو پەیدا ناکریتو زیان بەخشە، بگرە چەند هەنگاوی تر بەرەو دوا دەمان بات.

لە ئیستادا لە سایەی وەزعیکی وا نالەبارو شیواودا هەر تەرحو ریکەوتنیك بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە، تاوانیكو چارەنوسیکی ترسانك تۆمار دەکات، خەلکی کوردستان لە چاوەروانی دووبارەبونەوەی زولمو ستەمی نەتەوایەتیدا رادەگریت، ئەو رەشنوسەو حەرەکەت لەسەری سەپاندنی ئەو ئاییندە تاریکەیەو بەردەوامی شەرەو بێ ئومیدی لە جگیری سیاسی دەکاتە رەسمی، نەك هیچ دەستکەوتو قازانجیکی بۆ خەلکی کوردستان لێ ناوەشێتەوە، بەلکو بەردەوامیە بە دەرجە دوویی کوردو فریودانو راگرتنی ئایندەی نادیارە بۆ چارەنوسی سیاسی کوردستان، هەرەشەیەکی ئاشکرایە لە خەبات بۆ جیابونەوەی کوردستانو دەولەتی سەربەخۆ.

خەسرەوسایە: لەلایەکیترەوە بەدوای تەواوبوونی دەنگدان بۆدەستوور ئیتر کوردستان دەبیتە بەشیک لەعیراق و پیوەی دەلکیت، لەمبارەوە ئەورایە هەیە کەدەلیت ئیتر مەسەلەی داواکاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەریگای ریفراندۆمیکەوە زەرورەتی نامینی و پیویستە ئەو ریکخراوانەی داوایەکی لەمجۆرەیان هەلبریوە خۆیان هەلوەشیننەوە، ئیوە لەمبارەوە دەلین چی، ئایا خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی زەرورەتی ماوە، ئەگەر ئا بناغەکانی ئەمەچیە؟

ئەمجەد غەفوور: بۆ ریكخراوو پیكهاتیكی وەك "بزوتنەوەی ریفراندۆم" كەلەلایەن شیركۆبیكەس و هەلكەوت عەبداالله وسەرانیكی تری سەربە یەكیتی وپارتی‌یەوە، هاتوتە بوون، بریاری هەلوەشاندنەوە و نەمانی زەرورەتی ریفراندۆم حوكمیكی دروستە، چونكە ئەم بزوتنەوەیە لەبنەرەتەوە پرۆژەیەكی سیاسی‌بوو كەلەلایەن یەكیتی وپارتی‌یەوە بۆهەلخراندنی خەلك وكوكردنەوەیان بەدەوری ئامانجی چەسپاندنی فیدرالیزم لەدەستووردا دەستی بۆبرا. ئیستا كە ئەم ئامانجەی یەكیتی وپارتی بەدوای دەستوردا بەدەست هاتووە هەقوایە ئەمانە چیتر درۆ لەگەل خەلك نەكەن و كەسی تر فریونەدەن و خۆیان هەلوەشیننەوە و بەدیار عیراقی فیدرال و ئیتحادی‌یەكەیانەوە دانیشن. بەلام بۆئیمە "كۆنگرەی ریفراندۆم" و خەلكی كوردستان دوای سیناریۆوی گالتەجاری دەنگدان بەدەستوور مەوجودیەتی ریكخراوەكەمان و زەرورەتی خەبات بۆریفراندۆم وسەربەخۆیی كوردستان زیاتر دەبی. لەمبارەوە ئەگەر لەسەر ئەوە هاونەزەر بین كە تەواوی پرۆسەی هیرشی دەولەتی ئەمریكاو هاوپەیمانانی، داگیركردنی عیراق‌و هەلوەشانەوەی حكومەتی صدام، هاتنە مەیدانی هیزو ئەحزابی میلشیایی قەومی‌و ئیسلامی پابەند بە نەخەشەكانی دەولەتی ئەمریكاوە، مایەی ویرانكردن‌و شیواندنی وەزعی سیاسی عیراقەو لە چارەنوسیكی نادیارو پركارەساتدایە، بە پیچەوانەی ئەو لایەنانەی بانگەشە دەكەن، كە عیراق رزگاركراوە، پرۆسەو پیادەكردنی دیموكرایتە بە رابەری ئەمریكا لە عیراق‌و ناوچەكەدا، ئەو كات ئەتوانین لەسەر چۆنیەتی بۆ وەلام بە كیشە سیاسیەكان‌و چارەسەریان ریك بكەوین.

بە بۆچونی من تا ئیستا جەنگ لە عیراقدا كۆتایی پێ نەهاتووەو دریژەی هەیەو ژیانی خەلكی لەوپەری مەترسیدا راگرتووە، رەشنوسی دەستوور و پرۆسەی دەنگدانكەی هیچ ئاكامیكی سیاسی ئیجابی‌و وەستانی ئەم وەزعی شەرەو كۆتایی بە ئاژاوە بەخۆوە نەگرتووە نایگرێت، وەزعی سیاسی عیراق نائارام ترو شیواوترو ئالۆز تردەبێت، ئەو دەستوورە بە فریای ناكەوێت.

تەرحی لكاندنەوەی كوردستان بە عیراق‌و كردنی بە بەشیك لە عیراق لەم وەزعیەتە جەنجالەدا، تەنها نەخشەو بەرژەوندی هەردوو حیزبی دەسەلاتدارە لە كوردستاندا، كە بازرگانی بە چارەنوسی كوردستانەوە دەكەن‌و دژ بە بەرژەوەندیەكانی خەلكین، پێ شیل كردن‌و دوور خستنەوەی دەورو ئیرادەی خەلكیە بۆ دەخالەتیان لە دەسەلاتی سیاسیدا.

ناسیۆنالستەكانی كوردستان لە مەوقعیەتی ئیستایانەوەو پەیوەندیان بە دەولەتی ئەمریكاو سەوداوامەلەیان لە گەل هیزە سیاسیەكانی تری عیراقدا، تا دەوری خەلكی كەنارگیركەن‌و بەر بە بەرپاكردنی ریفراندۆم بۆ سەر بەخۆیی كوردستان بگرن، ناچار دەلین ئیتر مەسەلەی داواكاری بۆ سەربەخۆیی كوردستان لەریگای ریفراندۆمیكەوە زەرورەتی نەماوە و پیویستە ئەو ریكخراوانەی داوایەكی لەمجۆرەیان هەلبریوە خۆیان هەلوەشیننەوە، ئەم جۆرە قسانە بۆیە رەواج پێ ئەدەن تا لەوە زیاتر جیگاو ریگای حیزبەكانیان نەكەویتە مەترسیەوە، ئەو ریكخراوانەش داوای سەربەخۆی كوردستان دەكەن نەبنە رابەری نارەزایەتیەكانی كوردستان.

بەلام ئیستا بە بەر چاوی هەمومانەوەو لە تەجروبەی ئەم دووسالەدا تەواوی پروپاگەندەكانی دیموكراتی‌و پرۆسەی جێ بە جێ بونەكەی لە زیندانەكانی ئەبو غرێب‌و كوشتنی بەكۆمەلی خەلكی مەدنی‌و دەست نەپاراستن‌و ویرانكردندا خۆی نیشانداوین، هینانە مەیدانی دواكەوترین هیزی سیاسی ناسیۆنالیستی‌و ئیسلامی سیاسی‌و دابەش كردنی عیراق بە شیعەو سونی‌و كوردو عەرەب، ئاشوب نانەوەی شەری قەومی‌و تائفی، بەو رەشنوسە گلاوە، جوانترین نمونەو تەجروبەی دیموكراتیمان لە بەرامبەر رۆژی قوربانیدانی سەدان كەس پێ دەفرۆشن.

زۆر بێ ماناو نا ئینسانی‌و بەرژەوند پەرستی تەسكی حیزبایەتیە لەم هەموو واویلاو سەرگەردانیەی عیراقدا گەمە بە چارەنوسی كوردستانەوە بكرێت‌و كوردستان تیكەل بەو كیژاوە بكریتەوە، خودی ئەحزابی دەسەلاتدار لە كوردستاندا بە فریو تەلەكەو تەواوی هیزیانەوە بۆ دوو بارەو چەند بارە خەریكن سیاسەتی دژی سەربەخویی كە خواستی بەر هەقی خەلكی كوردستانەو ریگای ئازادی سیاسی‌و دەورو ئیرادەی خەلكیە، دەخەنە ژیر پێیانەوە، خەریكن دەرگای رزگار بون لەم نەهامەتی‌و دەرجە دوویی‌و سەرگەردانیە بۆ ئەبەد دا دەخەن.

جا وەلامی ئەو پرسیارە كە ئایا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان زەرورەتی ماوە، تەواو بەندە بەوەی چ چاوەروانیەكمان هەیە لە بەرامبەر ئایندەی عیراقدا لە سایەی بونی هیزەكانی ئەمریكاو بونی عیراق بە مەیدانی جەنگ‌و ئاژاوەی تیرۆستاندا، هەلەبتە ئەوانەی پیناسەی ئەم وەزعیەتە نالەبارو ترسانك‌و تاریكە بە پرۆسەی دیموكراتی دەناسێنن، ئەوە با بفەرمون لە بەغدا دانیشن‌و ئەو دیموكراتیە پیرۆز بە خۆیان بیت، بەلام با لە كوردستان گەرێن‌و چارەنوسی خەلكی كوردستانی تیوە نەگلێنن، چونكە وەزعیەتی عیراق لە سایەی جەعفەری‌و حكیم‌و سیستانی‌و زرقاوی‌و صەدرەكاندا بۆ خەلكی كوردستان قوت ناچیت‌و لە بینمان دەگێرێن، هەر بۆیە لە هەموو كات زیاتر كاتی ئەوەیە دەنگمان بەرزكەینەوە بۆ جیابونەوەی كوردستان، ئایندەو بەرژەوەندی ئیمەی خەلكی كوردستان بە دژی جەعفەری‌و حەكیم‌و جمهوری ئیسلامی‌و عروبەیە.